# چەمکی منداڵی لە ئەدەبی کوردیدا

عومەر جەلال - سوریا
omerjelal@yahoo.com

گەڕانەوە بۆ منداڵی یان بە وێنە کردنی منداڵی لەشیعردا بووەتە دەنگێك کە زۆرینەی شاعیرەکانی پێ دەناسرێتەوە ,ئەوەی شیعری کلاسیك جودا دەکاتەوە لە شیعری ئازاد بوونی منداڵییە لە شیعری ئازاددا ,زۆر بەدەگمەن دەبینین لای شاعیرانی کلاسیك چەمکی منداڵی بەکارهێنرابێت یان هەر بوونی نەبووە ,وەلێ لای شاعیرانی نوێگەری وەك (هیواقادر و دلاوەر قەرەداغی و شێرکۆبێکەس و بەختیارعەلی) بەزۆری دەبینین کەڕەنگدانەوەی منداڵییەکی تەواو لە شیعرەکانیاندا بەدیدەکرێت.

بێگومان ناکرێت شاعیرانی دی لەیادبکەین چەند شاعیرێکی دی گرنگی داوە بە چەمکی منداڵی بەلاّم وەك (دلاوەرقەرەداغی و هیوا قادر) نەیانتوانیوە منداڵیەکی لێوان لێو لە خەیاڵ و شکستی گەروەربوون درووستبکەن,هەر کەس شیعرێکی ئەم شاعیرانە بخوێنێتەوە بێئەوەی تەماشای ناوی شاعیرەکە بکا بێگومان دەزانێت ئەم شیعرە نووسەرەکەی کێیە,ناساندنەوەی شاعیر یەکێ لە تایبەتمەندیە جوانەکانی شاعیرە و گرنگە هەر شاعیرێك تایبەت بە خۆی ستایلێکی هەبێت وەکو لای زۆرینەی شاعیرەکان دەبینین,

هەمووومان دەزانین منداڵی ئەو جیهانە قەشەنگەیە تەژیە لە ئەفسانە و خەونی رەنگاو رەنگ وێناکردنی ژیان بەهیوای بەختەوەرییەوە ,منداڵی خۆی قۆناغێکە هەرگیز لای مرۆڤ نامرێت چ جای ئەوەی کەسێك شاعیربێت زیندووکردنەوەی منداڵی بەو ئەندازەی شاعیرەکان ئاکتیڤن لە بەرز ڕاگرتنی کەمتردەبێتەوە لای هونەرمەند و شێوەکاران یان کەمتر ئەو منداڵییە دەبینین لە ژانرەکانی دیکەی هونەردا بەبەراوورد لەتەك ئەدەب,

هەرکەس و قۆناغی منداڵی بەشێوازێك بردووەتە سەر جا ئەو سەردەمە کردبێتی بە شاعیر یان منداڵی بووبێتە بەشێك لەشیعرەکانی,وەلێ ناتوانین نکۆڵی لەو شاعیرە بکەین ئایا ئەوەندە قۆناغی منداڵی گاریگەربووە؟ یان تەنیا بۆ جوانکردنی تێکست منداڵی بەکارهێناوە؟ ئەمەش جێگای گومانە ,مرۆڤگەلێك هەن قۆناغی منداڵی کارەساتاویترین و ئازاراویترین قۆناغبووە لە ئەزموونی ژیانیاندا کەچی نەیانتوانیوە ئەو منداڵییە زیندوو ڕابگرن یان بە پێچەوانەوە چەند شاعیرێکمان هەیە گێڕانەوەی چەمکی منداڵی لە شیعرەکانیدا جودا لە قۆناغی منداڵی دەبینین ئەمەش بۆخۆی کارەساتە,یان هەندێ شاعیر جورئەتی ئەوەیان نییە راستگۆبن لەتەك خۆیان و خوێنەردا تەنانەت ئەزموونی خۆیان دەشێوێنن.

گەورەترین قۆناغ بۆ مرۆڤ منداڵییە کە پەی بەزۆرشت دەبات و گومان لە هەموو پێکهاتەکانی گەردوون و سروشت دەکات, هەر مرۆڤێك ئەگەر منداڵی لە ناخیدا بژێت کەسێکی جودایە لەمرۆڤەکانی دی تەنیا منداڵی دەتوانێت نزیك بوونەوەی هەبێت لە عەشق و خوێندنەوە,هەر گەورەیەك پێویستی بە منداڵییەك هەیە لە ناخیدا بژێت هەروەك چۆن هەر منداڵێك پێویستی بە ڕامانێکی گەورەیانە هەیە,دیارە شیعریش بێبەش نەبووە لە تێرامان و هزری منداڵی, کۆڵەکەی شیعر خەیاڵە منداڵیش بەشێکی ئەو خەونەیە کە پێویستیەکی گرنگە.

رۆحی منداڵی بە شێکی نەمرە لە ژیانی شاعیرەکاندا بێ بوونی منداڵی لەناو شاعیردا هەست بە جۆرێك لە ناعاشق بوون دەکرێت ,هەموو عاشقەکان رۆحیەتیەکی منداڵانە و شاعیرانەیان هەیە ,وەلێ منداڵی زۆر جار خۆزگەی زۆرینەی مرۆڤەکانە لە کاتێدا کە ئازاراویترین قۆناغیش بێت گرنگ نییە بەڵکو گرنگ ئەوەیە زیندوێتی منداڵ بپارێزیت یان بەمانایەکی دی بتوانین رۆحیەتی منداڵی بپارێزین لە خۆماندا.

یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکان و قەشەنگەکانی جیهانی شاعیر (یاخیبوون) ە ,بوونی سەرکێشی و یاخیبوون و هەڵهاتن لە کولتور و ئاین ونیشتمان بێبەش نییە لە بۆنی مندالی روونتر بلێم ئەوەی لە یاخی بون و سەرکێشیدا رەنگدەداتەوە پێشتر لە منداڵیدا بەدیدەکرێت واتە منداڵی بەشێکی گرنگی دانەبڕاوی شاعیرە بۆ بەهای شیعرەکانی ,هەر شاعیرێ ئیش لەسەر کوشتنی منداڵی بکات ئەوە ئیش لەسەر کوشتنی رۆحی شیعر دەکات .

---

لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر ژمارە (70) ی 2007/6/18 بلاّوبووەتەوە.